# لە گاز بارانکردنی هەڵەبجەدا کێ تاوانبارە

نووسینی: د. ئەحمەد بابەکر میراودەلی
کەنەدا



گاز بارانکردنی هەڵەبجەو پڕۆژەی ئەنفال لاپەڕەیەکی تری پڕ ئەشکەنجەی نەتەوەکەمانە.

ئەگەر تاکە کەسێکیش گومانی هەبوو بێت لەنیازی شۆڤینییەکانی بەغدا بۆ لەناوبردنی کورد. ئەوا گازبارانکردنی هەڵەبجە ئەو تاکە گومانەشی نەهێشت.

ئەوەی شایانی باسە هەردوو رژێمەکەی ئێران و عێراق یەکتریان تاوانبار دەکرد لەم کارە چەپەڵە نامرۆڤانەدا. بەڵام هەندێ راپۆرتی ئیستخباراتی ئەمەریکی وای لەقەڵەم دەدا کە هەردوولایان بەکاریان هێناوە. ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەی کوردەوە، هەڵەبجە بەر گاز کەوتووەو ئەوانەش کە بوونەتە نێچیری تاوانی سەردەم دژی مرۆڤایەتی هەموویان کورد بوون، دنیاش بەکرۆکپی ماو رژێمەکانی ناوچەو دەسەڵاتدارانی رۆژئاواش نەیانویست خۆیان لێڵ بکەن یان بەتاوانبار بڵێن بەری چاوت کلی پێوەیە. ئەو تۆزەی کردیشیان لەژێر کاریگەری چەند گروپێکی پاراستنی مافی مرۆڤ و چەند رۆژنامەنووسێکدا بوو کە ویستیان دنیا ئاگادار کەنەوە، بۆیە چەند وڵاتێك لەجیاتی ناردنی سەدەها پزیشك و داخوازییەکانی پزیشکی بۆ ناوچەکە، هەریەکەیان چەند بریندارێکی وەرگرت بۆ تیمار کردنیان بەناوی مرۆڤایەتییەوە ئەمەش بۆ دەمبەسکردنی گەلەکەیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ تاقیکردنەوەی دەرمانەکانیان و ناسینی گازە کوشندەکەی رژێمی بەغدا بوو، ئەگینا تیمار کردنی چەند کەسێك و وەلانانی هەزارەهای تر دەبێت چ مرۆڤایەتییەك بێت.

ئاشکرایە لای زۆر کەس کە پاشەکشێی ئیمپریالیزمی راستەوخۆ (کلاسیك) لەوڵاتانی کە ناسراون بەجیهانی سێیەم بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چەند سنوورێکی دەستکردیان دوای خۆیان بەجێ هێشت یەکێك لەوانەش سنوورە دەستکردەکەی کوردستانە، هەروەها کشانەوەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیك هەندێك

له رژێمەكانی جیهانی سێیەمی وەك كۆلۆنیالیزمێك جێهێشت كە ئەمڕۆ ناسراون بە كۆلۆنیالیزمی پیاوی هەژار (Poor Peoples Colonialism). ئەم رژێمانە زۆر درندانەتر لەكۆلۆنیالیزمی كلاسیك لەگەڵ گەلانی ژێردەستەیاندا دەجوولێنەوەو زۆربەی كاتیش بیرو باوەڕی شۆڤینیانەو رەگەز پەرستی رەچاو دەكەن، گەلی كوردیش لەهەموو پارچەكانی كوردستاندا ئێستا دووچاری ئەو كۆلۆنیالیزمەوە بووە، بۆیە هەردەم هەوڵی توانەوەی بەردەوامەو نەوەستاوە. بۆ نموونە (عیسمەت پاشا)ی سەرۆك وەزیرانی توركیا لەساڵی ١٩٣٠دا، پاش كوژانەوەی شۆڕشی (ئارارات) وتی: تەنها نەتەوەی تورك، بۆی هەیە داوای مافی نەتەوایەتی بكات لەم ولاتەداو هیچ كەسێكی تر ئەو مافەی نییە. دوا بەدوای ئەو وەزیری عەدالەتی توركی (مەحمود بۆزهودت) وتی: ئێمە لەولاتێكدا دەژین ناوی توركیایە كە ئازادترین ولاتە لەسەر كوڕەی ئەرز.. لەبەر ئەوە ئەڵێم كە تەنها تورك خاوەنی ئەم خاكەیە.. ئەوانەی توركی پاك نین تەنیا مافی ئەوەیان هەیە ببنە خزمەتكار یان كۆیلە. ئەمە وەكو بیرو باوەڕی شۆڤێنی، وەكو هەڵسوكەوتیش، لەكۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٣٧دا توركە كەمالییەكان بەسەركردایەتی ژەنەڕاڵ (ئالپ دوگان- Alp Dogan)و سەرپەرشتی سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتەی توركیا (عیسمەت پاشا) لەهێرشەكەیاندا بۆ سەر ناوچەی (دەرسیم) هەموو چەكێكی كوشندەیان بەكار هێناوە لەوانەش چەكی كیمیایی بەشێوەیەكی زۆر بلاوو دڕندانە. بەپێی راپۆرتی پارتی كۆمۆنیستی توركیا، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٨)دا زیاتر لە(یەك ملیۆن و نیو) كورد كوژراوەو دەربەدەر كراوە.

لەسوریا پڕۆژەكەی بێچوە عەفلەق (محەمەد تالب هیلال) بۆ گواستنەوەی كوردەكانی جەزیرەو بەعەرەبكردنی ناوچەكە هەتا ئێستاش بەردەوامە، زیاتر لە(١٢٠) هەزار كورد ناسنامە (جنسیە)ی پێ نەدراوەو بەهاوولاتی سوریاش لەقەڵەم نادرێن، بەلام بۆ بەكوشتدانیان لەپێش هەموو كەسێكەوە رەوانەی سەرگردەكانی (گۆلان) دەكرێن.

كرداری رژێمە جۆراوجۆرەكانی ئێران لەگواستنەوەی سەدان هەزار كورد بۆ سەر سنوورەكانی پاكستان و ئەفغانستان و باشووری ئێران و بەفتواش كردنی و كورد كوشتن بەغەزا هەر پراكتیزی بیروباوەڕی شۆڤێنیزمییە. گاز كردنی هەڵەبجەش نەخشەیەك بوو لەبیرو باوەڕێكی شۆڤێنیانەوە هەڵقولاوەو رەچاو كراوە وەكو بەشێك لەنەخشەی لەناو بردنی كورد لەباشووری كوردستانداو سەرەتای ئەم نەخشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٤ لەم ساڵەدا لێژنەیەكی تایبەت بەسەرۆكایەتی (سەددام حوسێن- جێگری سەرۆك كۆمار)و ئەندامێتی (عەدنان حەمدانی)و (عەدنان خەیرولڵا) پێك هات بۆ دروستكردنی چەكی كۆكوژ (اسلحة الدمار الشامل). بۆ دروستكردنی ئەم جۆرە چەكە لێژنەكە راوێژی بەبیرۆی (APD) بەمانای (بیرۆی پڕۆژەی پێشخستنی ولاتە عەرەبیەكان) كرد كە لەبەیروت دامەزرا بوو. لەسەر پێشنیاری (APD) عێراق رووی كردە دروستكردنی چەكی كیمیاییو بایۆلۆژی.

لەسەر پێشنیازو یارمەتیی (APD) لەنێوان سالانی (١٩٧٤-١٩٧٧)دا عێراق زیاتر لەچوار هەزار زانیارو تیکنۆلۆژیستی لەبوارەکانی زانیاری نەوەوی‌و فیزیایی‌و کیمیایی‌و بایۆلۆژیدا دامەزراند. کە زۆربەیان عەرەبی میسریی‌و مەغریبی‌و فەلەستینی‌و جەزائیریی‌و سوری‌و زۆر عەرەبی تریش کە لەدەرەوەی عەرەبستان دەژیان وەکو ولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو کەنەداو بەرازیل. گومان لەمەدا نییە کە راکێشانی ئەم هەموو زاناو خەبیرانە بۆ عێراق لەو ماوە کورتەدا سەرنجی رێکخراوە جاسووسیەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیلی راکێشاوە.. بەلام بۆچی نەیانوەستاند..؟؟!!

دوای بەکرێگرتنی زاناو تێکنیشن دەستوبرد نوێنەرانی (APD) کەوتنە ولاتانی رۆژئاوا بۆ وەدەستهێنانی داخوازیەکانی تری چەك. نەخشەی یەك کارگەی دروست کردنی چەکی کیمیاوی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکی‌یەوە کێشراوە بەناوی (Pmaulder Corortater Of pchester Nawyork) ئەم کارگەیەش بۆ دروست کردنی کیمیاویەکانی (ئامیتۆن- Amltion)و (دیمسلۆن- Demeslon) و (پاراکسۆن- Paraxon)و (پاراپلون- Paralion) بووە کە هەموویان بۆ دروست کردنی گازی (ئەعصاب- Nervgaize) بەکار دەهێنرێن، ئەوجا (APD) رووی کردە چەند کۆمپانیایەکی ئەوروپای رۆژئاوا (بەریتانیا، ئیتالیا، ئەلمانیا، فەرەنسا) بۆ دروستکردنی پرۆژەکە. زۆربەی کۆمپانییاکان بەپێخۆشحالیەوە بەشداریان لەدروستکردنی کرد. بەم جۆرە یەکەمین کارگەی کیمیایی کە توانای دروستکردنی سالانەی دوو هەزار تەن بوو لەسەرەتای سالی ١٩٧٩دا تەواو بوو. جل و بەرگی پاراستنی تایبەت بۆ ئیشکەرانی ئەو کارگەیە لەبەریتانیا کڕدراوە بەئیجازەیەکی تایبەت کە لەوەزارەتی بازرگانی‌و پیشەسازیی بەریتانیاوە دەرچووە.

لەسالی ١٩٧٩ (APD) داخرا، بەلام دەزگای (ابن الهیثم) لەعێراق زۆربەی ئەندامانی (APD)ی بەکریٚ گرت و زۆر بەنهێنیەوە دەستی کردە ئیشکردن بۆ دروستکردنی چەکی ستراتیژی.

بۆ وەدەستهێنانی داخوازیەکانی چەکی کیمیایی عێراق دیسانەوە رووی کردە ولاتە رۆژئاواییەکان، لەمانگی شوباتی ١٩٨٣دا پێنج سەد (٥٠٠) تەن (ثایزدایگلایکول- Thioadglycol) کە ماددەیەکی سەرەکی دروستکردنی (مایستەر گاز)ە لەڕێگەی (KBS Holland BV)یەوە لەکارگەیەکی ئەمریکی بەناوی (فلیب پێترۆلیۆم- Phillp Pairoiam USA) وەرگیراوە بۆ رژێمی بەغدا، دوا بەدوای ئەوە هەر لەو سالەدا وەجبەیەکی تری گەورەتر ئەمجارەیان:

- ٥٠٠ تەن ئایۆدایگلایکۆل.
- ٢٠٠ تەن ترای میثیل دۆسفین.
- ٢٥٠ تەن فوسفوروس ثورکسیکلوروید.
- ٢٠٠ تەن پۆتاسیۆم فلۆراید.

لەلایەن هەمان نێوەندو (وسیط)و لەهەمان شوێنەوە بۆ عێراق نێردراون.

کارگەیەکی تر لەوانەی کیمیاوی‌یان بەعێراق فرۆشتووە کارگەی (مالشێمی ب.ڤ- Malchemie- BV) هۆلەندییە. لەمانگی دووی ١٩٨٥دا حکومەتی هۆلەندیی بەلگەی تەواوی هەبوو کە ئەو کارگەیە بەشێوەیەکی رەسمی‌و قانوونی

(١٢٠٠) تەنی جۆراوجۆری کیمیاوی ناردووە بۆ عێراق.. ئەمە چۆن رووی‌دا..!

ئەمانە چەند نموونەیەکن کەمن لەناوی دەیەها کارگەی ولاتانی رۆژئاوا، وەکو (ئەڵمانیا، فەرەنسا، هۆلەندا، بەریتانیا، ئەمەریکا) کە چ بەشێوەیەکی نهێنی‌و چ بەشێوەیەکی ئاشکرا بەشداریان لەدروستکردنی چەکی کیمیایی لە عێراقدا کردووە.

لەسەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا ولاتانی رۆژئاوا جڵەویان شل کردبوو بۆ عێراق بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.کاتێکیش لەهەڵەبجەی داو دەنگوباسی کارەساتی هەڵەبجە بڵاو بۆوە ئەمان هیچ خۆیان تێکنەداو بەکردەوەش هیچ جۆرە ئیجرائاتیان نەکرد دژی عێراق و بەدەمیش زۆر کەم گوتراو بگرە زۆر لچی زل و شۆڕیش درابوون بەیەکەوە، لەبەرئەوەی ئیشی گرنگتریان بەرژێمی بەغدا هەبوو.

رووخانی رژێمی شای ئێران لەساڵی ١٩٧٩دا ترازووی هێزی سیاسی و سەربازی ناوچەکەی گۆڕی ناوچە نەوتیەکانی ولاتانی برادەری ئەمەریکاو ئەورووپای خستە ژێر ترسی هێرشی ئیسلامی ئێرانەوە.. لەبەر ئەوە (سەددام حوسێن) بەخەلیفەی شای ئێران هەڵبژێردرا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ولاتە سەرمایەدارەکان جا ئیتر کورد کێیە..؟!!

بۆیە لە ١٩٨٤/١١/٢٦دا پەیوەندیی رامیاری ئەمەریکاو عێراق گەڕایەوە شوێنی خۆی لەسەر ئاستی سەفارات گۆڕینەوە، لەسەرەتاوە ناوی رژێمی عێراقیان لەلیستەی رژێمە تیرۆرکەرەکان کوژاندەوە، بەمەش رێگای ئیعتیمادی ئابووریان بۆ کردەوە، یەکەم جار لەلایەن ئەمەریکاوە بەهاوتایی ٣٠٠ ملیۆن دۆلارو رۆژانەش بۆیان زیاد دەکرد. کەسانی وەکو (کۆلۆنیل جۆن برینان) راوێژکەری سەربازیی سەرۆک (نیکسۆن)و (جۆن مێشیل)ی پارێزەری (محامی) گشتیی نیکسون و بگرە نیکسون خۆشی‌و سەرۆك کۆماری رۆمانیای ئەو کاتە (نیکۆلای چاوچیسکۆ) ئەمانە هەمووی تێکەڵی گەمەی چەك فرۆشیی بوون.


نیگاری / سەربەست عومەر

رژێمی بەریتانیا بۆ زامنکردنی بەشێکی گەورەی بازرگانی عێراق پاڵی بەبانکە ئینگلیزییەکانەوە دەنا بۆ کردنەوەی ئیعتیمادی گەورە بۆ عێراق، هەر بۆ ئەوەش وەزارەتی بازرگانی‌و پیشەسازی بەریتانیا، ئیعتیمادی ٤٥٠ ملیۆن پاوەندی ئینگلیزی بۆ رژێمە عەفلەقیەکە کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لەساڵی ١٩٨٤دا بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا لەنێوان

خۆیاندا پەیمانی نەفرۆشتنی چەکیان بەئێران و عێراق ئیمزا کردبوو. کەچی لەساڵی ١٩٨٦دا (ئالآن کلارك- Alan Klirk)ی وەزیری بازرگانی بەریتانیا چوو بۆ بەغدا بۆ خۆشکردنی پەیوەندیی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات و لەوێش ئیعتیمادەکەی لە (٤٥٠) ملیۆنەوە کردە (٧٥٠) ملیۆن (پاوەندی ئیستەرلینی) کە دڵنیاش بوو هەموو بۆ کڕینی چەك بەکار دێت.

پێش کێشەی دووەمی کەنداو لە ١٩٩٠/٤/٥دا (ولیەم وألدگرێڤ- Wiliam Waldgrave) وەزیری دەولەتی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆمنوێلس لەوتارێکدا بۆ پەرلەمانی بەریتانی ئەڵێت: (خۆ دابڕین لەعێراق هیچ مومکن نییە، ئەمە شتێکە دڵی مونافیسەکانی ئێمە خۆش دەکات و بێکاریو بێ ئیشی لەولاتەکەماندا زیاد ئەکات).

لەساڵی ١٩٨٠وە عێراق گەورەترین وڵاتی کڕیاری چەك بووە. لەساڵی ١٩٨٤دا زیاتر لە ٣٣ بلیۆن دۆلاری بۆ چەك کڕین تەرخان کردووە، بەپێی ئامارەکانی (احصائیات)ی (Siochnoim inrtenastional Peace rouearch institituts) لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٠)دا پارەی چەك کڕینی خۆی داوە لە(٨٠) بلیۆن دۆلار، بەڵام بەپێی ژمێرەیەکی تری هەڵاتووەکانی رژێمی عێراق خۆی تەنها لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) لە (١٠٥) بلیۆن زیاتر بووە، ئەم پارە بێ شومارە



چاوی رژێم و خاوەن کارگەی وڵاتە رۆژئاواییەکانی سڕ کردو چەکی کیمیایی دایە دەست سەدام و کارەساتی هەڵەبجەی قەوماند هەرچەندە ناوی چەند کارگەو وڵاتێکم بردووە کە یارمەتیی رژێمی بەغدایان داوە. بەڵام ئەمانە هەروەك نموونەیەك ناویان هاتووە. لەڕاستیدا بەدەگمەن وڵاتێك یان رژێمێك هەبووە کە جۆرێك تەکنەلۆژیای بووبێت ئامادە نەبووبێت بۆ فرۆشتنی بەعێراق. بگرە رژێمە بێ لایەنەکانی وەکو سوێدو نەمساو سویسراش بەشداریان کردووە، تەنانەت فرۆکەی دروستکراوی سویسرا بەزۆری

لەگاز کردنی دێهاتەکانی کوردستاندا بگرە هەڵەبجەش بەکار هاتوون.

ئەمەی سەرەوە کورتە رونکردنەوەیەك بوو کە چۆن رژێمی بەغدا چەکی کیمیایی بەدەست کەوتووە، بەڵام بەکارهێناکەی دەرئەنجامی رەگەزپەرستیو بیرو باوەڕی شۆفێنی بەعسیەکان و هەموو داگیرکەرانی کوردستانە. تورکیا پێش سەددام بەکاری هێناوەو دووریش نییە لەشوێنێکی تری کوردستان لەژێر هەل و مەرجێکی تردا هەڵەبجەو ئەنفالی تریش روونەدا، گەر فریای خۆمان نەکەوین.

ئەوجا با لێرەوە هەنگاو هەڵگرین و بزانین چی بکەین بۆ ئەوەی کارەساتێکی وەکو ئەنفال و هەڵەبجە روو نەداتەوە.

لەسەردەمی گاز کردنی هەڵەبجەدا دەنگوباسی کێشەی کوردو هەموو روداوە نامرۆڤایەتیەکانی وەکو کوشتن و بڕین و بەندیو هەڵواسین و سووتان و روخانی دێهاتەکانی کوردستان وەکو بەردێکی بن گۆم وابوو نەدەگەیشتە کەس و هەموو دنیا بێ ئاگا بوو. ئەوەی بەکورد کرا هەر کورد خۆی دەیزانیو نەدەگەیشتە هیچ گوێیەك لەپشت سنووری کوردستانەوە، هۆیەکانیش ئاشکران:

یەکەم: سەرکردایەتیی جوڵانەوەی کورد لەئاستی بەرپرسیاریی خۆیاندا نەبوون و بگرە ئێستەش چاوی تا بەرپێی بڕناکات. بۆیە وەکو پێویست کێشەی کورد نەگەیشتۆتە گەلانی جیهان و لێی بێ خەبەرن.

دووەم: لەو کاتدا ژمارەیەکی کوردی ئەوتۆ لەهەندەران نەبوون وەکو ئێستا بۆ ئەوەی هەستێ بەو کارە پیرۆزە، جا لەبەر ئەوەی بارودۆخی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی هەر وەکو خۆی ماوەو نەگۆڕاوە، بۆیە ئێستا ئەم کارە بۆتە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان کە کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە هەرگیز لەیاد نەکەن و نەهێڵن خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ بڕوات.



ئەمەش تەنها بەیاد کردنەوەو ماتەمینی ناکرێت و شەهیدانیش تەنها بەمە رازی نابن، ئەگەر ریسوا کردنی هەموو ئەوانەی

لەگەڵ نەبێت کە بوونە هۆی ئەم کارەساتەو رایان نەکێشێتە بەردەم دادگای مرۆڤایەتی‌و ئۆباڵی تاوانەکانیان نەکەینە ملیان.

ئەمەش بەپشتیوانیی گەلانی ئەم ولاّتانە ئەکرێت کە لێی دەژین، چونکە لەیاسای ئەم ولاّتانەدا رژێمەکان خۆیان بەرپرسیار کردوە بەرامبەر بەگەلەکانیان. بۆ بەرهەڵستی فرۆشتن و بلاّو کردنەوەی چەکی بەکۆمەڵ کوشتن، بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ. جگە لەوەش ئەو ولاّتانەی ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانن بەرپرسیارن بۆ ریزگرتن لەو یاسا تایبەتیانەی کە زۆر جار رژێمەکان بۆ دەستکەوتێکی رامیاری یان ئابووری پێشێلی دەکەن بێ ئاگاداری گەلەکەیان. بەڵگەش هەر رووداوەکانی کوردستانە دوای شەڕی کەنداو، کە گەلانی رۆژئاواو ئەمریکای باکوور چۆن ناچاری رژێمەکانی خۆیان کرد بۆ یاریدەی کورد لەگەڵ ئەوەشدا کە رژێمەکان نەیان دەویست پەنجەیەکیش بجولێنن بۆ وەستاندنی جەللادەکانی بەغدا لەقەلاّچۆکردنی کورد.

ئەرکی سەرشانی هەموو تاکە کەس و رێکخراوێکی کوردی‌یە کە هەرگیز نەهێڵن جارێکی تر بەسانایی چاوپۆشی لەکوشتن و بڕینی گەلەکەمان بکەن. دەبێ هەموو کاتێك بیریان بخەینەوە کە رووداوی هەڵەبجە سەرئەنجامی هەڵوێستی رژێم و کەسانێکی خاوەن بیرو باوەڕی شۆڤێنیانە بووە دژی مرۆڤایەتی. هەڵەبجەو ئەنفال هەوڵی جینۆسایدی نەتەوەك بووە بەپێی یاسای نێودەوڵەتان تاوانبارن و دەبێ سزای خۆیان وەرگرن. دەبێ داوایان لێ بکەین کە بەکردار هەڵوێستی مرۆڤایەتی خۆیان دیار بکەن لەم بوارەدا، بەپشتگیریی کردنی (Human Righi Waich) کە ئێستا خەریکە هەوڵ ئەدات رژێمی بەغدا بەرێتە بەر دادگای نێودەوڵەتان، کە پاش شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی (١٨) تەن دۆکۆمێنتی نووسراو، هیچ گومانێکی نەماوەو بەڵگەی تەواو بەدەستەوەیانە کە ئەنفال و هەڵەبجە هەوڵی رژێمی بەغدا بوون بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد. بەڵگەی تەواویان هەیە کە تەنها لەساڵی (١٩٨٨)دا پتر لە (١٠٠) سەد هەزار کورد لەناو براوە بە هەڵمەتی بەدناوی ئەنفال. بەڵگەی تەواو بەدەستەوەیە کە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)دا (٦٠) گوندو شارۆچکەی کوردی جگە لەهەڵەبجەش بەکیمیایی لێدراوە، بەڵگەی تەواو هەیە کە یەکەم جار بەکارهێنانی کیمیایی بەشێوەیەکی پیلانی نەخشە کێشراو دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨٧/٤/١٥ لەگوندەکانی هەڵەدەن، کانی توو، لۆرتە، سپێدەرو سەرگەڵوو و لەناوەڕاستی ١٩٨٧ەوە رۆژانە بەکار هاتووە. زۆر پێویستە بیری تەواوی کوردستانیی بخەینەوە کە ئەو رژێمەی دوێنێ ئەنفالی کوردی ئەکردو چەکی کیمیایی بەکار دەهێنا بۆ لەناوبردنی.. هەرگیز نابێتە رژێمێکی دیموکرات و دۆست، هەرگیز بەناوبژیکەر ناشێت و لەسایەیدا بەدەستهێنانی بچوکترین مافی مرۆڤایەتی وڕێنەو خەونی بەتاڵە. دەست درێژکردن بۆ دەستی ئەو رژێمە مانای بیر چوونەوەی ئەنفال و بەگاز بارانکردنی هەڵەبجەو گوندەکانی کوردستانە، مانای ئازاد کردنی گەردنی شۆڤێنیەکانی بەغدایە کە چامپیۆنی جینۆسایدی سەدەی بیستەمن.

مانای وەستانە لەڕێگەی (H.W.int) بۆ بردنی عەفلەقیەکانە بۆ بەردەم دادگای نێودەوڵەتان، ئەمە سیاسەت نییە، بەتەعریب و تەبعیس رازیبوونە، و هاوبەشی کردنە لەتاوانەکانی رژێم.
نێوی هێندێ لە کۆمپانیا هاوکارەکانی تری رۆژئاوایی لەگەڵ عیراق دا
1-KBS
2-Phillip Petoleum USA
ئەم دوو شەریکەیە لەساڵی ١٩٨٣ بایی ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار پاوەند کیمیاویان فرۆشتووە بەعێراق بۆ دروستکردنی ماستەر گاز.
Mwlchemie BV.
ئەم شەریکەیە هۆڵەندییە ١٢٠٠ تەن ئەو مادانەی داوە بەعێراق بۆ دروست کردنی چەکی کیمیاوی، جگە لەوەش ٢٠,٠٠٠ کیلۆ Tyichlorid Phosphorousی داوە بەعێراق
Chloroethyl
Dimethyamine,
Thiodiglycol
لەساڵانی ١٩٨٤و ١٩٨٥دا کارگەی دروستکردنی چەکی کیمیاوی (سامەڕا) لەلایەن ئەم شەریکە ئەڵمانییەوە دروستکراوە.
- Walter Thosti Boswan
- Heberger Bau
ماددەی کیمیاوی داوە ئەمانە ئاڤاییەکەیان دروستکردووە
Sigma Chemie
تاقیگەی سەیاری داوە
Anton Lrle
سەنتەر فیوج و کەل و پەلی خەزن کردن
- OuastRhema
-WET. (water Engenering Trading)
ئەم دووانەش مەوادی خام بۆ دروستکرنی غازی تابون و سارین.
و هەروەها (SEPP) کە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی بایۆلۆژی بەکار دێ.
Oxib Gmbh کەلچەری (Culture) بۆ بەرهەمهێنانی میکرۆبات فرۆشتووە.
لەساڵی ١٩٦٩دا کارگەی دروستکرنی چەکی کیمیایی لەعەکاشات دروستکراو ساڵانە بەرهەمی دوو هەزار تەن کیمیاوی بووە جل و بەرگی خۆپاراستنی کرێکارەکان لەشەریکەی (SOS)ی بەریتانی کردراوە. بەنرخی ٤١٢,٥ ملیۆن لیرەی ئیسترلینی، ئەم شەریکانەش بەشداریان کردووە:
1-Bebcock & Wilcox of Britain
2-Montedison of Italy
3-Ferostahl of Genmany
4-Messerschmitt- Bolkow- Blohm
بەپێی رۆژنامەی ئەڵمانی (Dynspigel)ی رۆژی ١٩٩٠/٩/٢٤ ئەم شەریکەیە جۆرێك وقودی بۆمبای (Fuelair explasive)ی داوەتە عێراق کە هێزی بۆمبایەکی ئەتۆمی بچوکی هەبووە، جگە لەوەش بەشداری کردووە لەدروستکردنی چەکی کیمیایی لەکارگەیەك نزیك موسڵ. لەڕاستیدا ئەمانە چەند نمونەیەکە ئەتوانم بڵێم ئەو وڵاتەی تەکنۆلۆجیای هەبووبێت پێشکەشی سەددامی کردووە لەوانەش (نەمساو سویسراو نەرویج و سوێد)ش کە هەموویان وڵاتانی بێ لایەن و ئاشتی خوازن.